کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-6-2007 17:35 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڤیان سلێمان حاجی.. ئەو پەرلەمانتارە بەهدینییەی تەرازووی ئەقڵی پێ بوو.. ! موحسین جوامێر

لەو کۆنفرانسە پەروەردییەی لە نێوان 22 ـ 24 ی مانگی مایسدا لە هەولێری پایتەختدا بەسترا، بەندەیش بانگهێشت کرابووم.. دیاردەی سەرنجراکیشم دیت، هاوکات مامۆستای بە توانا و ژیرم چاو پێکەوتن.. پێم وایە ئەگەر بایەخ بە تێز و بۆچوونەکانیان بدرێ و بڕیارەکان بە هەنگاوی پراکتیک ببەسترێنەوە، وەرچەرخانێکی مەزنی پەروەردە لە سەرانسەری کوردستاندا ڕوو دەدا و نەوەکان بەرەو ئاسۆیەکی گەشی پڕهیوا، شەقاو هەڵدەهێنن.



لە کۆنفرانسی ناوبراودا مەسەلەی شێوەزار و خوێندن بە دیالێکتی دەڤەرەکان کەم دەورووژا، ناوناوە لێی دەکۆڵرایەوە.. تاک تاکە، مامۆستای وا هەبوو کێرڤی دیموکراتییەتی ئەوەندە بەرز دەبووەوە، کوردستانی دەکردە شامی شەریفی لەهجان، واتە ناوی زمانی ستانداردی کوردی نەبێ؛ ناوی لەهجە و شیوەزاری هەموو عەشرەت و قەبیلاتی کوردستانی تێدا دەبووەوە.. هێندێک پشتیان بە زانیاریی فرەهەڵەش دەبەستا، وەک ئەوەی لە سویسرا بە پینج شیوە دەخوێندرێ؛ بێ ئەوەی بزانن ئەوانەی ئەوێ شێوە نین، زمانن، واتە قەومن (فەرەنسی، ئەلمانی، ئیتالی و ڕیتۆڕۆمانی) . هەڵبەت زۆربەی مامۆستایان لەو بروایەدا بوون کە خوێندن بە لەهجەگەلان، نەمانی کورد وەک نەتەوە ڕادەگەیەنێت.. هەر لەبەر ئەم مەترسییەیش؛ پێشنیارەکە پشتگوێ خرا و نەکرا بە بڕیار.

یەک لەو هێژایانەی بە تەرازووی ئەقڵ مەسەلەکانی دەپێوا و بێپەروا داکۆکیی لێیان دەکرد و بە میزاج وکەڵکەڵەی ناواقیعییانە هەڵنەدەچوو و چارەنووسی زمانی کوردیی دەخوێندەوە، پەرلەمانتار خاتوو ڤیان سلێمان حاجی بوو، خەڵکی بەهدینان بوو، بۆ وەرگرتنی دکتۆرایش خۆی ئامادە دەکات.. نێوبراو، کاتێک لەگەڵ چەند خزمێن بەهدینیدا لەبارەی زمانی یەکگرتووی کوردییەوە لە گفتوگۆدا بووین، وەژووریێ کەوت، کە نۆرەی پەیڤینی وی هات، وتی: بە هیچ کلۆجیک ڕەوا نییە هێرش ببرێتە سەر زمانی ستانداردی کە هەمانە، یا بانگەواز بکرێ بۆ ئەوەی بە لەهجەی دیکە بخوێندرێ، بە بیانووی ئەوە منداڵی بەهدینی یا شوێنی دیکە لەو شیوەزارە ناگەن، ئەوە تشتەکی خەتەرە، ئەگەر وا بکریت؛ ئەوا کورد دەبنە چەندین قەوم.. لە بەردەوامیی قسەکانیدا، وتی: ئەرێ، ئەز ژی دزانم بۆ زارۆکێن بەهدینی پیچەکی زەحمەتە، لێبەلێ وەرن بلا ئالییەتێک دابنێین داکو چارەسەرییەک بدۆزینەوە و ئەو ژی گەلەکن، وەک دەوڵەمەندکردنا زمان بە شێوەزارەکانی دیکەوە، بێ ئەوەی گەلەکەمان پارچە پارچە بکەین!

لە دیدارەکاندا کە گوێم لە ڤیان خانی بەهدینیی نەوەی حەپسەخانی نەقیب و عادلە خان و دایزە ئامینەی هەولێری* دەگرت، قسە و فەرموودە و بەیاننامە و ئەرزوحاڵی هێندێ لە (پیاوان) م دەهاتەوە یاد کە لێکدا لێکدا بۆ پەرلەمانیان ناردووە و دەنێرن، تیایاندا شین دەگێڕن و سنگ دەکوتن، داوای ئەوە دەکەن کە بە ڕەسمی دان بە زمانە کوردییەکەی ئەواندا بهێنن، چونکە منداڵانیان لە کوردی ناگەن. ! نەک هەر ئەوەندە، بگرە دەبێت لە دەستووری کوردستانیشدا ئەم مافە تۆمار بکرێت، تا دنیا شایەتی ئەوە بدات کە کورد ـ ئەسڵەن ـ نەتەوە و ئۆمەت نین. ! لەکاتێکدا لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هیچ وڵاتێکی دنیادا نەبووە گەلیک ـ بە گشت لەهجە لێک دوور و نزیکەکانیانەوە ـ خۆیان بە یەک قەوم زانیبێت و پاشان هاتبن داوای ناوهێنانی شێوەزارەکەیان کردبێت لە دەستووری وڵاتدا، هەتا لە سۆماڵی هەزاران قەوم و قیلەشدا. !

کاتێ لە نێو پەرلەمانی کوردا ـ کە هێندێک خەریکن هەموو شتێکی پێ ئیمزا بکەن و گەرەکیانە بیکەن بە پەرلەمانی گەلانی کورد ـ لەمەڕ مەسەلەی زمانی ستانداردی کوردی و مەترسیی بانگەواز بۆ بەکارهێنانی لەهجان، گوێم لە خانمان: ڤیان سلێمان حاجیی بەهدینی، نازناز مەلا محەمەدی هەولێری، سۆزان خاڵە شەهابی سلێمانی و ڤیان ئەحمەد خدر دزەیی، گرت و پێشتریش هەڵوێستی د. شوکرییە ڕەسوولی خانەقینی و سەبرییە غەففاری هەورامی ـ م خوێندبووەوە، بەدەست خۆم نەبوو خۆزگەی ئەوەم دەخواست زێتر لە نیوەی پەرلەمان: ژن بووایەن.. !

* دایزە ئامینەی هەولێری: ژنەکوردێکی قەڵاتیی هەولێری بوو، لە شەستەکاندا دەچووە موسڵێ و نایلۆنی دەهێنا تا پیشمەرگە بۆ نارنجۆکی بەکار بێنن. نایلۆنەکانی لە ژێر خۆی دادەنا، ئەو وەختەیش؛ سەیتەرە ژنانیان نە دەپشکنی.

2007/06/09

mohsinjwamir@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.